# چەند بارانە شیعرێك

دکتۆر دەهام خدر مەحمود — فینلەندا

## ( یادگاریەکان)

لە بیرتە، من و تۆ بووین
دەست لە گەردن
ئێستاش
خۆشیمان لەبیرکردووە
شادیمان بزرکردووە
جوانیمان بەخشیە خواوەندی تووڕەیی
ڕەنگیش بە ژیان

## ( هیوا)

ئێمە بووین
من و تۆبووین
دڵمان بوو
لاویمان بوو
خەندەمان بوو
ئەمڕۆکە، هەموومان لێ بزربوون

## ( ژیان)

ژیان، قاقابوو
ڕۆژبوو
هەتاوبوو
پێکی سەرمەستان بوو
ئەمڕۆکەش، هیچ !

## ( خۆشەویستی)

ئاگری بەفرەسێران
چرای کاروانچیان و لایە لایەی دایکان بوو
بۆنی وڵاتی کوردان
ئێستاش نەوەکوو جارانە
کە ونبووی لە چاوانم، گیانە
ژیان نەئەو ژیانەیە و



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

قاقا لیَم بوو بە گریان

پیێك، بە ژەهر

ڕۆژ شەوەزەنگەو

هەتاویش سێبەر

بەلاَم ئیَستا

لەڕۆژانی تەنیاییمدا

دەستم والاَ

دلَم تەنگە. . و ژیان تالَە

هەموو شویَنیَك بۆمن ژانە

هەموو تامیَك بۆ من تالَە

ئیَستا لەمن...

هەمووی چۆلَە

دەشتی كاك بەكاكی قەراج و شەمامك

هەموو لەمن بیابانە

ئیتر ژیانی من تاریكە شەوە

هیَز نەماوە

ژیانیش، نوقمی خەوە

نووقمی خەوە....

هلسنكی –
٢٠٠٣/٤/١٤

## (بۆ بارزانی)

لەبیرمە

وەكوو ئیمڕۆم لەبەر چاوە

زەمانیَكی كۆن بوو

كۆرپەبووم

مندالٌ بووم

لە دونیادا

هیچ شتیَكم نەدەزانی

یەكیَكم زۆر گەورە دەناسی

كە باوكم بوو

خۆشم دەویست و ڕیَزم دەگرت

لەناكاوبوو، سەرسام

لەناكاوبوو

لە بیرمە، كە فیَربووم و دەركم پیَكرد



www.kurdistannet.org كوردستان نێت

یەکێکی تر هاتە بەرچاو. .

باوکێکی تری من و هەزارانی

باوکی گەورەم تۆ بوویت

باوکی هەمووان هەر تۆیت

ئەی بارزانی

daham_kheder@hotmail. com

www.kurdistannet.org کوردستان نێت